# شەوێکی سوور

## عومەر کەریم بەرزنجی

بەر لەوەی بیکوژم و جەستەی کوتە کوتە بکەم، بەبیرما هات دەشێ گۆشتی مرۆڤ تامی چی بدات، هەر بۆیە چەند پارچەیەکی نەرمەی لارانیم لێکردەوەو لەسەر مقەڵییە خەڵوزەکە برژاندم، وەلێ خۆیشم نایزانم بۆچی نەمخوارد یان چیم لێکرد، وام بەبیردا هات کە پشیلەیەک پارچە گۆشتەکانی دزی بێت تەواوی دەورو بەر گەڕام هیچم بەرچاو نەکەوت، چەند تەپەیەک لەلای هەورەبانەکەوە هاتە گوێم بەوریایی چومە پاڵ دیوارەکەو خۆم ماتدا هیچ شتێکم نەبینی ناچار گەڕامەوە لای تەرمەکەو وام بەبیردا هات لاشەی لەت لەتکراوی بخەمە نێو ئاوەڕۆکەوەو لەگەڵ پاشەڕۆی ئاوەڕۆکەدا تێکەڵ ببێت، وەلێ هەرزوو لەو بڕیارەم پاشگەز بومەوەو لە بیرکردنەوەدا بووم چی لێبکەم، دەنگی سەگوەڕ گۆمی خەیاڵاتی پچڕیم.

تریفەی مانگ پتر دنیای روناک دەکردەوە، مانگ لە شایەتێکی ترسنۆک و شەرمن دەچوو بە ئاسمانەوە روناکیەکی سپی شیری بلاودەکردەوە، تادەهات دەنگی سەگوەڕ زیاتر دەبوو، بەبیرماهات لەگەڵ نزیک بونەوەی سەگەلەکەدا تەرمەکەیان بخەمە بەردەم و بیکەم بە پێخۆری سەگەکان، وەلێ هەرزوو لەو بڕیارەیش پاشگەز بومەوەو ئەوەم بەبیردا هات دوای خواردنی گۆشتەکەی ئێسک و پروسکەکەی بلاو دەبێتەوەو دەبێتە هۆی ئاشکرابوونم، بۆ نا ئێسک و پروسکی مرۆڤ لە ئێسک و پروسکی گیاندارانی دیکە ناچێت، لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا لێدانی دڵم خێراتر دەبوو، چاوم بە سیما خوێناویەکەیدا گێڕا، هەردوو چاوی کراوەبوو، دەتگوت لە شتێکی دوور دەڕوانێت، زەردەخەنەکەی سەر لێوە تەنکەکەی هێشتا بەتەواوی نەڕەوییبوو، دواین قسەکانیت هاتەوە گوێ:_"مرۆڤ کائینێکی ترسناکە، ئێمە شێرو پڵنگ و گورگ و گەلێک لە گیاندارانی دیکە بەدڕندە دەزانین وەلێ ئەوان هەمووی بەدەست ئێمەوە زەلیل و داماون، لە شەڕی مرۆڤەکاندا ملیۆنها مرۆڤ بوونەتە قوربانی بەلأم لە شەڕی گیاندارانیدا ژمارەیەکی کەم بونەتە پێخۆری گەورەکان مانەوە بۆ بەهێزەکانە برسێتی لاوازەکان دەکاتە ژەمێکی تێربوونی گەورەکان".

بەرلەوەی بیکوژم چاوەشینەکانی پێیان دەگوتم پێویستە خۆمان لە تاوان پاککەینەوە، دەمویست خۆم لەو قسە بێسەرو بەرانەی بێئاگا بکەم و چاویشی هەڵبکۆڵم، دەمویست گوێچکە کانیشی ببڕم و توڕی دەمە نێو تەوالێتەکەوە، دەنگێک رایچڵەکاندم، دەنگی زەنگی مۆبایلەکەبوو:

-سبەینێ لە یارەی...... چاوەڕێتم کاتژمێر هەشتی سەرلە ئێوارە.

+باشە لەوێ ئامادە ئەبم.

-دوانەکەویت لە کاتی دیاری کراودا ئامادەبیت.

+باشە، باش، نیگەران مەبە.

چەقۆکەی لە تەنیشت کەلە سەرەکەوە دامنابوو دیار نەمابوو چەنێک گەڕام نەمدۆزییەوە، گومانی ئەوەم کرد کەسێک لەو ناوەدا بەدزینی چەقۆکە هەستاوەو هەر لەو گوزەرەشدا خۆی حەشارداوە، کەوتمە گەڕانێکی ورد تەواوی کون و قوژبنی ماڵەکەم پشکنی، تەپەی پێی کەسێک لە نزیک حەمامەکەدا هات، دەمانچەکەم لەبەر پشتێنەکەمدا دەرهێناو بەرەو لای حەمامەکە رۆیشتم، جیرە جیری دەرگاکە و تارماییەک لە نزیک دەرگاکەوە هاتە بەر چاوم، چومە پێشەوەو تەماشایەکی ناو حەمامەکەم کرد هیچ کەسێکی لێنەبوو ئەو تارماییەش کە لای دەرگاکەوە دەبینرا تارمایی سێبەرەکەی خۆم بوو، جوڵەی دەرگاکەیش هی ئەو بایەبوو کە لە پەنجەرە هەواییەکەوە دەهاتە ژوورەوە، گەڕامەوە بۆ لای جەنازەکە و کەلە سەرەکەیم نەدۆزییەوە ناچار لاشە لەت و پەت کراوەکەیم کردە نێو گوێنییەک و بردم فڕێم دایە نێو حاوییەی سەر سوچی کۆڵانەکەو بەپرتاو گەڕامەوەو ماڵەکەم لە خوێن و پاشماوەی لاشەی کوژراوەکە خاوێن کردەوە، زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا کە تەماشام کرد ژمارەی مۆبایلی کوژراوەکە بوو، ئا ئا خۆی بوو زانا، ok م کردوو جوابم دایەوە.

-بەڵێ گیان ئەمرکە کێی جەنابت.

+ چیە ناشی نامناسیتەوە، زانام گێلە زانا.

-چی، ئەی تۆ نەکوژراوی.

+ کوژرانی چی تۆ وڕێنە دەکەیت وڕێنە، چییە ئەمشەو زۆرت خواردۆتەوە.

-نەبابە وێڵم کە تۆ ئەم مۆبایلەت لە کوێ بوو ها پێم بڵێ، ئەگینا تۆیش دەکوژم.

کاتێک بەئاگا هاتم دایکم و زانای ژن برام لە تەنیشتمەوە وەستابوون، گوێم لە دەنگی دایکم بوو دەیگوت" بۆ خاتری خوا چیبکەم کوڕەکەم تێک چووە، خوا هاوار" هەموو گیانم نوقمی ئارەق ببوو، دەستم و لای ڕاستی مێشکم سڕ ببوو، دڵم تێکەڵ هەڵە هات، بەپەلە پرۆزێ خۆم گەیاندە دەست شۆرەکە و ڕشامەوە، لەگەڵ قوڵپی ڕشانەوەدا وام هەستەکرد هەموو ناوسکم دێتە دەرەوە، کەمێک مێشکم هاتەوە سەرخۆ، سەرم هەڵبڕی، کەلە سەری زانام لە ناو ئاوێنەکەدا بینی، کە ئاوڕم دایەوە لە پشتەوەم راوەستابوو.

2005/10/4